

# ڕەنگ

# لەتەختەنیگاری هەڵبەستی گۆران دا

عەبدولڕەزاق بیمار

هەڵبەست ئەگەر هونەرێکی شێوەکاری نەبێت، ئەوا لەترپەو مەوداو دیمەنو کاریگەریی بۆ سەر دەروونی مرۆڤ زۆر لەو هونەرە نزیکە، بەتایبەتی لەهونەری (وێنەکێشان).. ئەوەتا هەندێ هەڵبەست دەڵێی تەختە نیگارێکە، شاعیر وەکو هونەرمەند هەموو دەروبانو ڕەنگو هێڵەکانی پێشان داوە.. بەتایبەتی کە باسی دیمەن یان دیاردەیەکی سروشت– وەکو دیمەنی وەرزی بەهار– بکات، کە لەئەدەبی کوردیدا نموونەی بەرهەست دەبینین.. بەلاّم ئەوەی من لێرەدا لەهونەری وێنەکێشانەکە مەبەستمە ڕەنگە. ڕەنگیش کاردانەوەیەکی دیاری لەدەروونی مرۆڤدا هەیە. هەر ڕەنگەش، سوور، مۆر، زەرد، شینو.. ئەوانی دی لەبەر ئەو کارەی کە لەدەروونی مرۆڤی دەکەن، بۆ جۆرە ڕەوشتو جۆرە سروشتێك لەمرۆڤەکە دەستنیشان دەکرێن. هەریەکە دەکەونە بەر ئارەزووی هەڵبژاردنی مرۆڤەکەو دەبنە ڕێگەی پێشاندانی تەختەیەك لەتەونی کەسایەتییەکە.

ئارەزووی مرۆڤانیش وەکو کۆمەڵناسان دەیڵێن، بەپێی ژینگەو ڕەگەز دەگۆڕێت، وەکو دەڵێن گوندیو بیابان نشینان حەز لەڕەنگی تۆخو بریقەدار دەکەن، گوایا خەڵکی ولاّتانی ڕۆژاوا حەز بەڕەنگە ساردەکانو ڕەنگی کاڵو خۆڵەمێشی دەکەن. دەروون ناسانیش لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە، لەکۆنیشەوە وا باو بووە کە ڕەنگی سوور بۆ بەئاگاهێنانی سۆزو حەزو ئارەزوو، شین بۆ شیوەنو خەمباری، ڕەش بۆ ڕێزو ڕەنگی بەرگی قازیو مامۆستا گەورەکانو سپی بۆ بەرگی پزیشكو فریشتەکانی بەزەیی بێتو هی دی.




جا ئەگەر شاعیر وەکو وێنەکێش تابلۆ- هەڵبەستێك بنەخشێنێ دەبێ بزانێ چ ڕەنگێك هەڵدەبژێرێت، کە بەسەر ڕەنگەکانی تری تابلۆکەیدا زاڵ بێت.. کام ڕەنگ کار لەدەروونی خۆیو گوێگر دەکاتو کام ڕەنگ لەگەڵ بابەتی هەڵبەستەکەی دەگونجێتو شایانە مایەی سەرنج بێت؟.

شاعیرێکی وەکو فریدریکو گارسیا لۆرکا (توانیویەتی هەستو هۆشە بەراییەکان بکاتە وێنەگەلی هەست پێکراو.. بەم جۆرە هەرچی مێشکی لەیادگاری هەڵگرتووەو ئەوەی چاوو گوێی لەدیمەنو دەنگ وەریگرتووە بیانکاتە کەرەستەیەکی شیعر..)[1].. ئەم شاعیرە (ئێجگار لەگەڵ ڕەنگ)دا گونجاو بووەو لەزۆر لەهەڵبەستەکانیدا هانایان بۆ دەبات تاکو بەهۆیانەوە کاکڵی مەبەستی نێو چیرۆکەکەی بەرجەستە بکەن. (ڕەنگ) هەستێکی ناواقیعیو کەشێکی پەرۆشباریی وەها پەیدا دەکات کە ڕێك لەگەڵ ئەو کچە خەیاڵاوییەی لەسەر ڕۆخی بیرەکەدا وەکو سەندە بەفرێك بەسەر ئاوەکەوەیە.. بگونجێت)[2].

مامۆستا (گۆران)یش یەکێکە لەو شاعیرە هونەرمەندانەی بایەخی چڕی بەڕەنگ داوە.. ئەگەرچی نەك هەر هەستی (دیتن) بەڵکو هەموو هەستەکانی تر جێی بایەخی بوونەو لەهەڵبەستدا بەکاری هێناون. ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانەکەی دەبینین:

هەندێك هەڵبەستی گۆران بریتین لەیەك تەختەنیگار (تابلۆ) کە وێنەکێشێکی هونەرمەند بەشەوقو زەوقەوە بۆیە کاری تێدا کردووە.. کەوا بابەتێکی بەرهەستی لەکەشو هەوایەکی دڵڕاکێشو خەیاڵی گەشدا بەرهەم هێناوە. لەهەر نیگارێکیشدا ڕەنگێك بەرچاوەو بەسەر تابلۆکەدا دەسەڵاتدارەو بووەتە دروشمو ئەدگاری نیگارەکە.. ئەمەش بەبێ زۆر لەخۆکردنو دەستی (ئەنقەس)، بەڵکو ئەنجامی هەڵقوڵانی بەهرەی بلیمەتانەو هەستی هونەروەریی شاعیرە..

**(1)ڕەنگی کاڵ:**

بەنموونە هەڵبەستی (جوانی بێ ناو)[3] تابلۆیەکە سەر لەبەر یەك ڕەنگ بەسەریدا زاڵە، کەوا شاعیر هاتووە هەموو مەوداو پەلوپۆی نیگارەکەی بەڕەنگی (کاڵ) ڕەنگ کردووە.. بۆچی ئەم ڕەنگە ماتو هێمنەی بەکارهێناوەو ڕەنگی گەرمو تۆخی وەکو زەردو سوورو مۆری بەکارنەهێناوەو هەر ناویشی نەبردوون؟ چونکە بابەتەکەی وەسفی ساکاریو جوانیی بێ ئارایشتی کچی لادێو ژینی سادەو دڵداریی بێ گەردە. جوانی بێ ناو کچێکە- لەوانەیە کچە لادێییەك بێت- لەڕێدا تووشی بووە.. وێنەی جوانییەکی مەندو هێمنو ئەدگاری شیرینو شۆخیی سروشتکردە.. کەوا جلوبەرگی

ساكارەو هەموو شتێك بەڕەنگێكی كراوەی كاڵی كەم ڕەنگ بۆیە كراوە: قژكاڵە، پێست كاڵە، ڕەنگی چاوو پرشنگی روانین كاڵە، كوڵمی نەختێ ئاڵە– واتا ئاڵێكی كاڵ.. هەموو شتێك مەندو هێمن و ساكارە.. قسەو گفتوگۆی بەچرپەیە، لەش نەرم و سروشتی بێ دەسكاری و ئارایشە.. –تەنانەت گەندەمووی دەموچاوو باسكی بەكشتەك هەڵنەگرتووە.

**جلوبەرگی لەبەر سادەیی و ساكاری لەهی بووك جوانتر دەنوێنێ:**

**قژكاڵی، پێست كاڵی، پرشنگی نیگا كاڵ[4]**

**ئەی كچە جوانەكەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ**

**ئەی كچە مەنگەكەی بەدەنگی چپە دوو**

**گەندەمووی دەموچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو.**

بەم جۆرە تابلۆی كچە لادێیی بەڕەنگی (كاڵ) ڕەنگ دەكات و ڕەنگی تۆخ بەكارناهێنێ. هەروەكو گۆران (نەزیرە)ی هەڵبەستی بەناوبانگی (گۆرانیی خەو رۆیەك)ی لۆركای شاعیری ئیسپانی كردبێت.. كەوا لۆركا كچە قەرەج و دەوروپشت و مەوداكانی تابلۆی هەڵبەستەكەی بەڕەنگی سەوز ڕەنگ كردووە، ئەم كارەش كارێكی هونەریی وایە كە لەئەدەبی جیهانداو لەلاپەڕەی ڕەخنەدا حیسابێكی گەورەی بۆ دەكرێ[5].

ناوەرۆكی تابلۆ ڕەنگاوڕەنگەكەی (جوانی بێ ناو) هەڵنانی جوانیی هێمن و ساكارە، لەسەر بنەڕەتی ئەو وتە فەلسەفەیەی كە دەڵێ (ساكاری رازی جوانییە) بۆیە بۆ تەواوكردنی مەبەست دێ بەراورد دەكات لەنێوان:

–سادەیی و ئاڵۆزی.

–سروشتی و دەستكرد.

–جوانیی ڕەسەن و ئارایشت و رازاندنەوە.

–وردی و هەراویی درشتی.

هەر بۆیە شاعیر روو لەكچە دەكات و بە(ئەی كچە كاڵەكە) بانگی دەكات و جوانیی تەڵە بنەوشەیەكی پەنای تووترك و ئەستێرەی بەرەبەیان لەناو هەموو ئەستێرانی ئاسماندا، وە ئاوازەیەكی نزمی ناو ئۆركسترایەكی لەگوڵباخی شاگوڵ و لەئەستێرەی زۆرو لەكۆمەڵی ئاوازی تەختی مۆسیقای پێ جوانترە.

هەروەها:

**كانییەكی روونی بەر تریفەی مانگەشەو**

**لەبنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چو**

**جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیشكی خۆر شلپ و هوور.**

شاعیری وێنەكێش دانەی وێنەیەكی فۆتۆگرافی لەسروشت وێنە ناگرێتەوە– وەكو وێنەیەكی بەرچاوی بێ گیان– بەڵكو ئەو كچەی كە بەرێكەوت تووشی هاتووەو (ڕەوتەنی بۆی دەڕوانێ) وەكو شتێكی بابەتی تێكەڵ بەهەست و سۆزی (خۆیەتی) دەكات. چونكە ئەگەر هەڵبەست لەئەزموون بێ بەش بێت بریتی دەبێت لەوێنەكێشانێكی فۆتۆگرافی یان بەرناسیانەی دوور لەژیان. بەڵێ شاعیر

باسی خۆی وا دەکات کە هیچ پێوەندییەکی دڵداری لەگەڵدا نییە، بەڵام هەر بۆیە شپرزەی ئەوەیە کە کچە شۆخێکی بیٚ ناوەو پێی دەڵیٚ:

قژکاڵی، چاوکاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ.

دەربەست نیم، ڕێبوارم. دەربەست نیم، ڕەوتەنیم

ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم؟.

هی ئەوەی نیگارێك لەیادم کێشراوە

شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ! بیٚ ناوە.

(2)**نیگاری ئاوە-ڕەنگ:**

هەڵبەستی (بەهاری پاش باران)-ل178ی دیوانی گۆران- تابلۆیەکە دەڵێی بەقڵچەو ڕەنگی ئاوی نەخشێنراوە، تابلۆیەکە خوێنەر وا دەزانیٚ ئاو لەڕەنگەکانیدا دەبریقێتەوە.. کەوا یەکسەر دوای باران وێنەی دەرو دەشت و گوندی کوردستانمان پیشان دەدات.. سەیر دەکەین هەموو شت تەڕە، هەر لایەك ئاوە.. مرۆڤ، گیانلەبەر، گیاو گوڵ، دار هەڵووژەو سێوی تازە پشکوتوو، چەم هەمووی لەبەر دوانمەی باران بەخۆ کەوتوون و لەهەڵپەو جموجووڵدان.. دڵۆپی بارانیان لێوە دەتکیٚ.. بوونەتە هۆی پێشاندانی دیمەنێکی پڕ لەجووڵەو بزوتنەوە:

(وشکە چەم لافاوی هەستاوە- هێڵی تازەی جووت پڕ بووە لەئاو- تەلاٚنی ناو باخ بووە بەحەوز- لەبەرپێی نەمامی چواڵەدا سەوزاو وەستاوە، گوڵەباخ گولاٚو بەکوڵمیدا دێتەخواریٚ- بەرخی باوەشی شوان تەڕبووە هەڵم لەلەشی هەڵدەستیٚ- پەلوپۆی باڵدار لەئاو هەڵکشاوە).. واتا سەرلەبەری دیمەنەکە تەڕەو ئاوی لیٚدەتکیٚ.. ڕەنگیش ڕەنگی ئاوییە.

بەڵام شان بەشانی ئەو هونەری ڕەنگ کردنە، هونەری بزووتنەوە دەبینین.. هەموو شت و لایەنێکی بەهار دوای ئەو باران کەوتوونەتە جموجووڵ:

(بەرگی سەوزو نەرمی بەهار لەبەر تەڕبوون ژاکاوە- جوتیار بەنەقیزەی سەرشانییەوە لەقەلەق گای داوەتە پێش خۆی- مێگەلی شوان تەڕبوە- کانی گوند بەکوڵی گیاوە وەك مامز ڕووەو گوند ڕەویون- باڵدار فڕەفڕ ڕەنج ئەدا تا بگاتە سەردار- گولاٚڵەو بەیبوون لەلێواری حەوزی تەلاٚندا دەلەرزن- دار هەڵووژەو سێو وەکو بووکی بەپۆیلانەی بەفر یان زیوی پشکۆژەوە هەلاٚڵەیان وەریوە- سەوزاو لەڕوومەتی چواڵە تکاوە- گوڵەباخ ئارەقی کردووە..).

تابلۆکە لەکۆمەڵێك دیمەنی تەڕو پڕ لەبزووتنەوە پێك هاتووە کە هەر دیمەنێك بۆ خۆی تابلۆیەکی ڕەنگینە.. سەرتابەری تابلۆکەش بەڕەنگی ئاوی نەخشاوەو ئاوی تێدا بەرهەست دەکەویٚ.

(3)**پایزی زەرد:**

لەختە نیگاری (هەوری پاین)دا- ل165ی دیوانی گۆران- کە ساڵی 1933 نووسراوە، ڕەنگی زەرد بووەتە ڕەنگی سەرەکی و بەرچاو، کە هاوشانی وشکی و سیس بوون و هەناسەو سەرە مەرگی پایزەو هاوئاهەنگییەکی جوانی بەنیگارەکە داوە. پایزێك دەبینین کە هەوری بارشت کش ومات چۆکی بەسەر سنگی چیا داداوەو داران رووتاوەن، دەرو دەشت وشکە، گەلاٚی زەرد، پووش، دڕك،

پەپوولـەی زێڕینـی سـەر لـق.. ئەمانـە ڕەنـگو ڕووی پـایزی زەردن کـە دوورنییـە شـاعیرانی تـریش هەوڵیان دابێ وێنەکەی بکێشن، بەڵام بەو پەلوپۆو وردەکارییە نەبووە.

لێرەدا سێ وشە وەکو سێ دیاردەی شێوازی تاقانەی هونەرمەند تەختە نیگارەکەی پایز ڕەنگ دەکەن‌و دەیکەنە دیارییەکی شایستەی دەگمەن، کەوا دەڵێ:

لەدەریاوە قەتاری هەوری (بارشت) کەوتە دووی پێشەنگ لەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، کش‌و بێ دەنگ، وشەی (بارشت) کە واتای وردە بارانە، واتا ئەو هەورەی کە بەکاروان لەدەریاوە هاتووە وردە بارانی بەدەمەوەیە هەوری تایبەتیی پایزەو هەوری چ وەرزێکی تری ساڵ نییە!. ئەو هەورەیە کە شاعیر داوای لێدەکات نەك بارشت بەڵکو بەخوڕو بەفرمێسکی درشت بباریێ، بەسەر وشکی‌و زەردی‌و دڕك‌و پووش‌و گەڵای هەڵوەریوو سڕی‌و مردندا. وشەکە هەڵبژاردەیەکی نایاب‌و نوێ‌و وردە ئەگەر (بارش) لەفارسیدا چاوگی (باریدن)ە بەگشتی.. ئەوا کوردییەکەی گوزارشت لەحاڵەتێکی تایبەتی دەکات.

وشەی دووەم ڕەنگێکی درەوشاوەی تابلۆکەی شاعیرە کە نەك هەر تایبەتیەتی بەنیگارەکەی داوە، بەڵکو وەستاکارییەکی تایبەتیشی بۆ هونەرمەندەکە دەستنیشان کردووە، ئەویش وشەی (کزر)ە، ئەم وشەیەم تەنیا لەهەڵبەستی گۆراندا دیتوە، جوانترین ڕەنگ‌و هێڵ‌و بۆیەیە بۆ تابلۆکەی (پایز):

بەخوڕ بگری، بەکوڵ بگری، بەسەر دەشت‌و دەری وشکا
بەسەر داری گەڵا زەردا، بەسەر پووشا، بەسەر دڕکا
بەسەر سەرچاوەیی (کزر)دا، بەسەر زیخی چەمی دێما
بەسەر هەر وشکی‌یێکا وا لەهاوینی گەرم جێما
بەڵێ بگری، بەکوڵ بگری، هەتا ئاخر دڵۆپ بگری
بەگریەی هەوری پایز بانوقوم بێ سینەیی (کزر)ی

"وشـەی (کـزر) کـە وەسـفە بـۆ سەرچـاوەی ئاوێـك یـان کانییـەك کـە لـەکۆتایی پـایزدا دوامـین تەڕاوەتی خۆی لەدەست دابێت.."

زیخی ڕووباری دێم کە نە تەڕو نەوشك مابێتەوە، ئەمەیە دیمەنی پایز! ئەمەیە توانای دەربڕین‌و گەیاندنی وشەکەی (کزر)، کە تا ئێستا شتەکان وشك نەبوونەتەوەو شاعیر هیوای ئەوەی لەهەوری پایز هەیە کە ئەوەندە بەکوڵ‌و بەخوڕ بباریێت، تاکو:

(لەچەم هەڵسێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی)

(کزر)ییەکە وەکو وردە بارانی (بارشت)و کزیی سروشت‌و گریانی هەورەکە وایە، بەڵام دیمەنی گشتیی تابلۆکە ڕەشبینی نییە، ئەگەرچی وشەی سێیەم کە (گیان کەشت)ە وا پێشان دەدا کە سروشت لەباری سەرەمەرگدایە.. بەڵام هیوای شاعیر بەهەورەکەیە کەوا بەخوڕ بباریێ، ئەوسا:

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلوورینی
لەچەم هەڵسێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی
دڵۆپی سارد‌و فێنك با لەسەر دارو دەوەن بڕژێ
پەپوولەی زەردی ئاڵتوونی لەسەر لق هەڵوەرێ، بپژێ

بگرمێنیٚ، تەپونم دابکا، بیکاتە شەست، هەرگیز
نەوەستیٚ قوڵپی گریانی، نەوەستیٚ هەورەکەی پایز.
ئەمەش چونکە:
تەبیعەت زەردو ژاکاوە، لەحاڵی (گیان کەنشتایە)
نیشانەی ماتەمیی پایز لەفرمێسکی درشتایە.

لەم هەڵبەستەدا شاعیر دیاردەکانی سروشتی بۆ مەبەستی بیرو لێکدانەوەیەکو پڕکردنەوەی تابلۆکەی خۆی باس دەکات نەك هەر بۆ پێش چاوخستن یان رازاندنەوەی دیمەنی پایز، ئەگەرچی لەڕووی هونەرییەوە هەردوو ئامانجی پێکاوە، لەلایەکەوە ورد ورد باسی دیمەنەکانی پایز دەکات، لەلایەکی تریشەوە هەر دیمەنو دیاردەیەك بەیەکترەوە دەبەستیٚو گشت لەگشتی دەکا بەبیانوویەکی فیکر ئامێز بۆ شۆڕشی سروشتو بەردەوامیی گۆڕانکارییەکانی.

**(4)رەنگی پەمەیی:**

لەهەڵبەستی (گوڵی کەم خایەن)دا-ل95ی دیوانی گۆران- کە بۆ جوانێکی سیل کوشتوو نووسراوە، رەنگی پەمەیی دروشمێکی دیارە لەڕووبەری نیگاری هەڵبەستەکەدا.

هەرچی نەخۆشیی وەرەم یان سیلە وەکو نەخۆشییەکانی دی نەخۆش تووشی رەنگ پەڕینو زەردویی ناکات، بەڵکو لەو کاتەدا کە میکرۆب خەریکی سووتاندنی سی پەلکی نەخۆشەکەن، لەو کاتەدا هەناسەی پاك ناتوانیٚ خوێن پاك بکاتەوە، خوێنی دڵی بەسیپەلکی دەردەدار گوزەرکردوو وەکو بەپشکۆ ئاگر گرێیەکانی سییەکان چزابێت، بەشێوەیەکی گوڵڕەنگ لەپێستی دەموچاوی نەخۆش خۆی دەنوێنیٚ.. بۆیە نەك رەنگی زەرد بەڵکو رەنگی پەمەییو سووری ئاگری دەروونەکە نیشانەی دیاری نەخۆشییەکەیە.

شاعیریش ئەگەر لەو زانیارییە ئاگادار بووبێت یان نا.. لەبەرئەوەی خۆی وێنەگرێکی هونەرمەندەو رەنگو سێبەرو تیشك لەخۆڕا بەتەختە نیگار نادات.. بەڵکو هەر تابلۆیەی رەنگێکی تایبەتی بەسەردا زاڵ دەخوازیٚ.. لێرەشدا رەنگی پەمەیی رەنگی هەڵبژاردەی تابلۆی (گوڵی کەم خایەن)ە:.

لەبەر بەیانی شەبابو جوانیٚیا ئەی گوڵ
گوڵی گەشی (پەمەیی) وەك ستارە پڕشنگدار
لەخەندەتا ئەگەڕا جیلەیی تلووعی بەهار
لەنەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزشو کوڵ.

ئەم گوڵە گەشە پەمەییە مالاٚوایی لەژیان دەکات، کە شاعیر لای وابوو گەلاٚڕێزانی پایز کاری تیٚناکات:

کەچی چ زوو، چ کتوپڕ لەپەنجەیی وەرەما
لەشی شلو (پەمەییت) ئەی گوڵی جوان ژاکا
چ زوو توایەوە حوسنت لەقرچەقرچی غەما
دوو پێشە ما.. ئەویش ئەڕزیٚ لەسینەی خاکا.

**(5)ئەبلەق كردن:**

گۆران بەقەدەر پێویستیو داخوازیی بابەتی تەختە نیگارەکە ڕەنگ بەخەرج دەدات، نە ئەوەندە زۆر کە بریقو باقی ڕەنگو تێکەڵاویی چەند ڕەنگێك نیگای بینەر سەرسام بکات، نە ئەوەندە کەمیش کە نیگارەکە بێڕەنگو تەڵخ بەجێبهێڵێت. لەهەڵبەستی (جوانی بێ ناو)دا دیمان کە سەرگۆنا بەڕەنگێکی نەختێك ئاڵ ڕەنگ دەکات. بابڕوانین لە(جوانی لەلادێ)-ل32 دیوانی گۆران-چ دەڵێ:

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی (زەردە) ئەدا لێت

پرشنگی خشڵ (ئەبلەق ئەکا) دەوروبەری ڕێت

ڕوژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەرپێت.

لەلایەکەوە زەردەی هەتاوی ئێوارە لەسەر ڕووی کچەی گۆزە بەشان وێنە دەگرێت، لەلایەکی ترەوە ڕەنگی دەوروبەری ڕێی کچەکە دیاری دەکات، ئەوەتا کە زەردەی ئێوارە لەڕووی دەدا پرشنگی خشڵەکانی ئەویش لەڕێگاکە ڕەنگ دەداتەوە.. بەڵام دیارە ئەو خشڵە چ زیو بێت یان زێڕ ئەو تاوەی نییە چەپکە پڕشنگێك دووبارە بکاتەوەو ڕێیەکەی بەتێری پێڕەنگ بکات. بەڵکو ئەویش زەردەیەکە، ڕووناکییەکە چۆنە هونەرمەند وەك خۆی وێنەی دەکێشێت. بۆ ئەو مەبەستەش وشەی جادوو نووسی (ئەبلەق دەکا) بەکاردەهێنێت، کە وشەکە پێکهاتووە لەتێکەڵیی ڕەنگی ڕەشو سپیو سێبەرو هەتاوو بزێویی ئەمانە لەدەرخستنی ئەنجامێکی کاڵی کەم ڕەنگدا. نەچەسپاویی ڕەنگەکە کە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچێت هەر لەو ئیدیەمە کوردییەوە نزیکە کە دەڵێ (چاوی ئەبلەق بووە) واتا بەخەستی ڕوانینی ئاراستەی خاڵێك نەکردووەو ڕوانینەکەی کاڵو کەم ڕەنگە!!

**(6)سووراوی گوڵبارین:**

لەهەڵبەستێکدا بەناوی (دار چوالەی پشکوتوو)-ل176ی دیوانی گۆران- تەختە نیگارێك وێنەکێشراوە کە بەڕەنگێکی سووری بەهاری ڕەنگ کراوە.. دار چوالە کاتێك پشکۆژە دەردەکات، لەسەر فەرشی کەسکی گیای بەهار وەکو بووك تارایەکی ئاڵ بەسەر خۆیدا دەکێشێ.. وە نەبێ هەروەکو بووك ئەندامی لەسووراو بنێو جوانیی خۆی بنوێنێ.. هەر ئەمە نا، بەڵکو سەرباری ئەمە هەڵاڵەی پشکۆژەکانی بەخشەی پێی هەنگ، بەجووڵەی نەرمەبا وەکو پەپوولەی بزێو هەڵ دەوەرنو بەزمی گوڵبارین دەگێڕن.. با بڕوانینە چەند دێڕێك یان چەند چاوەندازێکی تەختە نیگاری (دار چوالەی پشکوتوو):.

ڕیزێك نەمامی دار چوالەی نازدار

کە ڕێك وەستابوون لەسەر گیای بەهار

وەك بووك ئەندامیان لەسووراو نابوو

لەنجەی ناو ناویان بۆ چپەی بابوو

پەڕەی هەڵاڵەی چوالەی سووراو ڕەنگ

جار جار ئەوەری بەخشەی پێی هەنگ

هەروەك پەپوولەی باڵ فڕەفڕ کەر

ئەنیشتە سەریەك لەسەر گیای سێبەر

لەگەڵ لێشاوی پەڕەی گوڵ بارین

بابوو شەپۆلی بۆنخۆشی چین چین.

گوڵبارینەکە هەر بەوێنەگرتنی گوڵە سوورەکانو پەڕە ناسکەکانی پشکۆژەو خەرمانەیان لەسەر گیای بەهار ناوەستێ، بەڵکو بزوتنەوەیەکیش دراوە بەوێنەکە.. ئەوەتا لەنجەی دارچواله، چپەی با، وەرینی پەڕەی هەڵاڵەکانو دابەزینیان لەشێوەی پەپوولەی باڵ فڕەفڕکەر.. و لەشێوەی لێشاوی بەردەم شەپۆلی بادا.. واتا (گوڵبارین) بەو رەنگە شکۆفە بەهارییەوە بەرچاو دەکەوێ، نەك هەر گوڵ نەخشاندن.

**(7)رەنگ بەچاوی کامێراوە:**

بۆ دابەشکردنی رەنگ لەتابلۆی هەڵبەستێکدا، بەوزەیەکی هونەرمەندانە، شاعیر وا دەکات رەنگ لەگەڵ رەنگدا بگونجێنو هەر قورنەیەك رەنگێكو هەر رەنگەی ورشەو پرشنگێکی هەبێت.

لەهەڵبەستی (مۆسکۆی جوان)دا ل303ی دیوانی گۆران- دەڕوانین شارەکە سپی پۆشە، ناودەم ئاڵە، حەوت ئەستێرەی یاقووت کە لەسەری داون (لەناو زیوی تەمدا گەش دەجریوێنن)، ماناو مەبەستی بەستەکانی ناو (ئوپێرا)کەی وەکو خونچەن بۆی دەپشکوونو دەبنە گوڵی بەیانی.

دەبا لەو شارە سپییەدا دیمەنی شەقامە رێیەکی کاتی شەو سەیر بکەین، با بڕوانین مەهرەجانی رەنگ لەتابلۆکەدا چۆن دەبینین:.

جا دەی شۆڕاو بریقەی دێ وەك بلوور

تیا ئەلەرزێ وێنەی گڕی سەوزو سوور

تاکسیم ئەکشی بەشەقامی بێ گەردا

بەسەر عەکسی وەنەوشەیی یان زەردا

ئەم رەنگانەو ئەو پرشنگەی ئاوازە

ئەیدا لەڕووی پەنجەرەی کۆشکی تازە.

هەر بەچاوی کامێراوە دەتوانرێ ئەو رەنگانەو پرشنگو رەنگدانەوەیان لەسەر شەقامی شەوی بەچرا روون کراوەدا پێشان بدرێت.

**پەراوێز:**

(1)م.س.بورا، التجربە الخلاقە.. کردنە عەرەبیی سلافە حەججاوی، ل225.

(2)هەر ئەو سەرچاوەیە، ل231.. مەبەستی لە(کچەکە)، کچەکەی ناو هەڵبەستی بەناوبانگی (گۆرانیی خەو-رۆ)یەکەیە.

(3)ئەم بەشە تایبەتە بە(جوانی بێناو) لەگۆڤاری رەنگین، ژمارە 111ی ساڵی 1998دا بڵاوکراوەتەوە.

(4)لەسەرجەمی بەرهەمی گۆراندا نووسراوە: (قژکاڵی، لێو ئاڵی) بەڵام لەژمارە (8)ی ساڵی 1943ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا نووسراوە (قژکاڵی، پێست کاڵی).. من ئەمەیانم هەڵبژارد.

(5)لەم بابەتەوە وتارم خوێندووتەوە، بەڵام ناوی نووسەرو جێی بڵاوکردنەوەیانم یادداشت نەکردووە.

(6)نموونەی هەڵبەستەکان لە(سەرجەمی بەرهەمی گۆران)ی ئامادەو کۆکردنەوەو سەرپەرشتی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم دا وەرگێڕاون.